


# شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە (5-1)



ئاواز حسن

بەشی یەکەم

**پێشەکی**

ڕۆژنامـە ئەو ئاوێنەیەیە کە ڕووە جوان و ناشـرینەکەی گـەل دەردەخـات، لـەم ڕێگەیەشەوە خەڵک هاندراوە بۆ پێشکەوتن و هۆشـیارکردنەوەیان و وەستان بەرامبەر ستەم و زۆرداری، لایەنێکی زیندووی ژیانی ڕۆشـنبیری هـەر نەتەوەیـەک ڕۆژنامەیە، ئـەو کاتەی ڕۆژنامە لەناو هەر نەتەوەیەکدا پەیـدا دەبێـت، مانـای وایە تێگەیشـتن و ڕۆشنبیریی خەڵکانێک گەیشتۆتە ئاستێکی باڵا، کەواتە پلەی خوێندەواری کۆمەڵگاکە بـەرزە و، خەڵـک ئـارەزووی وەرگرتنـی زانیـاری هەیـە دەربـارەی ڕووداوەکانـی دەوروبەری و دراوسێکانی.

گەلـی کـورد یەکێکـە لـەو گەلانـەی توانیویەتـی لەگـەڵ کۆسـپەکاندا، ژیـان و بوونیەتـی خـۆی بسـەلمێنێت، بـە شـێوازێک گەر لەگەڵ ئەو هەموو کۆسپ و دوژمنایەتییـەی کە کراوە، ئەم قەوارەیەی نەبووایـە، دەمێـک بـوو کـورد بوونیەتی نەمابـوو، دەرکەوتنـی ڕۆژنامـە لای کورد پەیوەسـتە بە هەلومەرجێکـی دیاریکراوی پـڕ لـە چەوسـاندنەوەو داگیرکارییـەوە، بۆیـە کاتێـک یەکەمین ڕۆژنامـەی کوردی (کوردسـتان 1898) لە ئاراوگە لەدایک بـوو، بووە بڵندگۆی خەباتی نەتەوایەتی و سەرهەڵدانی زانست و زانیاری.

مێـژووی ڕۆژنامەگـەری کـوردی لـە کوردسـتان، لە بیستەکانی سەدەی بیست و لە شـاری سولەیمانی بەشێوەیەکی ڕێک و پێک و ئازاد و بەردەوام دەسـتی پێکرد. قۆناغی حکومەتی شێخ مەحمود، قۆناغێکی زۆر گەشـی ڕۆژنامەگەری کوردییە و دوای ئەویـش، دەتوانیـن سـەردەمی حکومەتی کۆماری مهاباد، دیسـان بە قۆناغێکی تری ڕۆژنامەگەری کـوردی لە قەڵەم بدەین. لە نێـوان ئـەم دوو سـەردەمەش، کۆمەڵێک ڕۆژنامـە و گۆڤـاری تـر دەرچـوون، وەک